## سەیدسادق وەك غەزەب

✍️ عەزیز ڕەئووف

ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات، چاوەڕوانکراو بوو. هەموو دەمانزانی بۆشاییەك هەیە، ئەگەر پڕ نەکرێتەوە، دەبێت چاوەڕێی غەزەبی گەورەتر بکەین. ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات، مۆدێلی فەرامۆشکردنی نەوەیەکە، پەراوزێخستنی نەوەیەکە کە دواجار چاوەڕێی تەقینەوەی گەورەتری لێ دەکرێت.

سەیدسادق نموونەیەکە لە غەزەبی نەوەیەك کە چاوەڕێ دەکرێت زۆر شت لەگەڵ خۆیدا بسوتێنێت. گەنجێکی خێرنەدیوی سەیدسادق چیی هەیە بیدۆڕێنێت؟ چی



هەیە لەدەستی بدات؟ من دەزانم ئەوەی لەم شارە ڕوو دەدات، یەکەم سەرهەڵدان نییە و دوا سەرهەڵدانیش نابێت، بەڵکو ئێمە لەبەردەم بەرپرسگەلێکی بێباکداین کە بێئاگایە لەوەی لەشەقامدا چی ڕوو دەدات، بێئاگا لەوەی شۆڕشەکان و ناڕەزاییەکان لە خەڵکەوە دەکرێن و لە شێوە و فۆرم و دەرکەوتەی نوێدا خۆی مانڤێست دەکاتەوە.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە، بریتییە لە مانڤێستکرنی تووڕەییەکان و گواستنەوەی بۆ شەقام لەلایەن گەنجانەوە. یەکەم کەس کە شەهید دەبێت گەنجە و زۆرێك لە خۆپیشاندەرانیش لە گەنجانن. ئەمەش پێمان دەڵێت کە دروست نییە ئەم جۆرە لە ناڕەزایی تەنها لە خزمەتگوزاری و لابردنی دەموچاوی چەند بەرپرسێکی ناوچەکەدا کورت بکەینەوە، ئەم نەوەیە هەڵگری خەونی گەورەیە. تەماشا زۆرێك لە خوێندکاران دێنە سەر شەقام و بە بەڕێوەبەری پەروەردە دەڵێن: ئیرحەل. ئەم جۆرە لە ناڕەزایی زیاد لە دەرکەوتەیەکی هەیە و گرنگترینیان ناڕەزایی نەوەیەکە خەونی گەورەی هەیە و خەونەکانیشی لەبار دەبرێن. نەوەیەك لە سیستەمی حوکمڕانییەوە بۆ سیستەمی پەرەوەردە، لە بەرپرسی بەڕێوەبردنی شارەوە بۆ یەکە ئیدارییەکانی تر جگە لە کاتکوشتنێکی گەورە زیاتر، چیدی نییە.

بۆ ئەم نەوەیە دەموچاوی هەڵبەستووە و ڕووخساری کارەکتەری خۆپیشاندەر دیار نییە؟ ئەمە دەرکەوتەیەکی نوێیە کە نەوەیەك هەیە هیچ متمانەی بە دەسەڵاتەکەی نەماوە و ئەم جۆرە لە ناڕەزایی کە دەبینین کەس گوێی لێ ناگرێت و لە ڕابردووشدا کەس نەبووە گوێی لێ بگرێت، بەرەو ئاقارێکی تر دەچێت. خەباتی نهێنی و هەوڵدان بۆ بریندارکردنی دەسەڵات لە تاریکیدا، ئەمەش تەواو دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی ترسناکتر دەبات. هۆکارێکی تری ئەم ڕووخسارداپۆشینە بۆ ئەوەیە هێزەکانی ئێمە

بێئاگا لەوەی دەستگیرکردنی ئەم گەنجانە سوودی نییە، دەیانناسنەوە و لە ماڵەکانەوە بۆ زیندانەکان دەیانگوازنەوە. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕووخساری خۆپیشاندەر دیارە، کاتێك خۆپیشاندەر متمانەی نەما و ڕووخساری داپۆشی، دەبێت چاوەڕێی هاتنی فۆرمێکی تری دەربڕینی ناڕەزایی بکەین، کە بێگومان بە ئەم جۆرە لە خۆنمایشکردن بە هێمنی ئەنجام نادرێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێباکییەی بەرپرسانی ئێمە ئولفەتیان پێوە گرت و لەبەرخۆیان ئاگایان لە کۆمەڵگە نەما و نەوەکانیش ئومێدیان بە دەسەڵات نەما.

ڕقێکی گەورە لە ڕووخساری ئەم نەوەیەدا دەبینم. ناخۆشترین دەرکەوتە بۆ هەر تاکێك ئەوەیە کە ئومێد لەدەست بدەی. ئێمە ئێستا لەسەردەمی بێئومێدییەکی کوشندەداین. نە سندووقی دەنگدان ئومێدی گەڕاندەوە، نە مانگرتن و خۆپیشاندان. ئەم نەوە تووڕەیە، هەڵگری ڕقێکی گەورەیە لە ژیان و دەسەڵات و پێدراوەکانی کۆمەڵگە.

سەیدسادق پێمان دەڵێت کۆمەڵگەی ئێمە لەبەردەم پارچەپارچەبوون و تێکشکانێکی گەورەدایە و کەس ئەوی تر ناخوێنێتەوە. ئەگەر هەر هەوڵێك هەبێت بۆ بچووککردنەوەی کێشەکانی ئەم شارە بە ناوچەگەرێتی، ئەوا بەر لە هەر شت دەسەڵاتی کوردی دەستی هەبوو لە زیندووکردنەوەی ڕۆحی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی و فێستیڤاڵی عەشیرەتەکاندا. هەمیشە شەهرلعەسەلێك هەبووە لەنێوان حزبەکان و خێڵەکاندا. ڕۆحی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و جیاکاریی سلێمانی لە هەولێر و زاخۆ لە کفری، بەرهەمی ئەو عەقڵیەتە بچووك و خێڵەکییەی هێزەکانی ئێمە بووە کە بەردەوام شارەکان و تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لە یەکتر جیاکردووەتەوە تا خەمی یەکتر نەبینن.

ئەوەی لە سەیدسادقدا ڕوو دەدات، دۆخێك نییە وا بەئاسانی لێی دەرباز بین. ئەوە ڕق و بێئومێدیی نەوەیەکە لە سەریساڵدا دێتە سەر شەقامەکان، لەکاتێکدا زۆرێك لە بەرپرسانی ئەم نەوەیە بۆ کریسمس لە دەرەوە ئاهەنگی سەری ساڵ دەگێڕن. ئەگەر ئاهەنگی کریسمس لەگەڵ ئەم نەوەیەدا نەکەیت و کێکیان لەگەڵدا قاژ نەکەیت، دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئاهەنگەکەت لێ تێك بدەن.

ڕۆژنامەی ئاوێنە - ژمارە (٤١٠) لە ٢٠١٤/١/٧